کورتە وەڵام/12 سەبارەت پەیامەکەی بارزانی و کێشەکانی هەرێم

لەم پەیامەی 2016/11/20یدا ئاماژەی بۆ بڕێک لەهۆکاری کێشەکان کردووەو ئامادەیی خۆیشی پیشانداوە بۆ چارەسەریان تا رادەی ئەوەی کورسییەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم رادەستی کەسێکیتر بکات.

1-هەنگاوێک و دەسپێشخەرییەکی باشە، بەڵام ئەو چارەسەریانەی ئاماژەی بۆکردون، کێشەکان ئاڵۆزترئەکەن! چونکە چارەسەریەکان ئەسپێرێتەوە بە ڤایرۆسی هەمان ئەو کێشانە کە هیزبەکانی هەرێمن! ئەو هیزبانەی لەداهاتی هەرێم، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بەئاشکراو بەنهێنی، بەشی شێریان بردووەو ئەبەن بەجۆرێ تەنیا بەشی چۆلەکەیەکیان بۆ میللەت هێشتۆتەوە! سەرباری ئەوەی لە پێشبڕکێدا بۆڕی سایکس بیکۆیان داوەتەوەو میللەتیان کردوە بەدەیان پارچەوە! ئاخر ئەو هیزبانە تائێستا لەبەڵازیاتر چییان بۆکردووین!؟ لەکاتێکدا هیزب، لەوڵاتانی یاساسەروەردا، تەنیا بە ئابونەو کۆمەکی خوازیارەکانیان ئەژین. ئەترسم ئەمجارە، ئەو هیزبانە، بەپێی ئەو پەیامە، رێکەونەوەو بەشی چۆلەکەکەش بخۆن!.

2-داوای کاراکردنەوەی پەرلەمان ئەکا! ئەو پەرلەمانەی داشی دامەیەکبون و بەپەنجەی ئەو هیزبانە ئەجوڵان! ئەوە لەکام کونجی دنیادا موچەی پەرلەمانبێکارێ، دە ئەوەندەی موچەی ئەندازیارپڕکارێکە!؟ دواییش ئەو موچە زەبەلاهەی خانەنشینبونیان! وەک رۆن رژابێ!؟ پەرلەمانکار کەماوەکەی تەواوبو، ئەبێ بگەڕێتەوە سەر وەزیفە، یا پیشەکەی خۆی، نەک بەموچەی خانەنشینیی چوار ساڵ پەرلەمانبێکاری، وەک گای ئەڵی تامردن خۆیبلێسێتەوە!. خانەنشینی، بەیاسا رێکخراوە. یا 63ساڵ تەمەن یا 25ساڵ راژە یا بەهۆکاری تەندروستی. ئاشکرایە ئەو رۆنرژانە بۆ پەرلەمانبێکارەکانی ئێمە، بۆخەساندنیانەو بۆئەوەیە تا هیزب رازینەبێ، ئەوان دەس بۆ هیچ بریارێک بەرزنەکەنەوە! کەواتە رۆبۆت و داشی دامەمان بۆچییە!؟

3-لەم پەیامەدا هاتوە: (ژمارەیەک سیاسی و فەرهەنگی و ئەکادیمی پەیوەندیان پێوەکردوە...) کەچی بۆ چارەسەرییەکە، هەر پەنا بۆ ئەو هیزبانە ئەباتەوە! ئەی بۆ ئەمجارە پەنا بۆ خەڵکی سیاسی و فەرهەنگی و بیرمەندو دەسپاک و لێزانی بێ لایەن نەبرێ؟ ئاشکرایشە خەڵکی بێ لایەن، هەمیشە زۆرینەی میللەتن. یا ئەمجارە هکومەتی رزگاریی نیشتمانی، خەڵکی بێ لایەنبن، ئەگەر ئەوەش ناکرێ، یا پێنج کەسێک لەو کەسایەتییە بێ لایەنانەش، دەنگێبن لە کۆبونەوەکانداو رایان بەهەند وەرگیرێ.

4-فەرمون چاوێک بە کورتە وەڵام/11ەو کۆمێنتەکانیدا بخشێننەوە لەفەیسبوک، بزانن ئەوە چارەسەری رێشەییە یا گەمەی هیزبایەتی؟